# رۆژی گەل

## بۆ ڕێزدار سەرۆک تاڵەبانی

زۆر سوپاسی بەڕێزتان دەکەم کە بەبۆنەی کۆچی دوایی دایکم، لەعلی سالح ئیبراهم، هاوخەمیتان لەگەڵدا نواندین و پەیامی سەرخۆشیتان بۆ ڕەوانە کردین، بێگومان بروسکەی هاوخەمی بەڕێزتان و بەشداریکردنی کردنی بەرپرسانی لایەنە سیاسیەکان و خەڵکی دلسۆزو بەشەرەفی کوردستان لە پرسەکەیدا هەم لەخەمی ئێمەی کەم کردەوە، هەمیش نیشانەی ڕێزلێنان بوو لە ماندووبوونی دایکە شەهیدێک کە هەموو کوڕەکانی خۆی بۆ خەبات و تێکۆشانی کوردایەتی پێگەیاندبوو.

لەگەڵ ڕێزمدا

**ڕێکار ئەحمەد**
**٢٤-٢-٢٠١٠**

هەفتەنامەیەکی سیاسی، ڕۆشنبیری گشتییە، حزبی ڕزگاریی کوردستان دەری دەکات، ژمارە نۆبەرەی لە ١—٧— ٢٠٠٠ بڵاوبۆتەوە...**ژمارە(٢٣٨) یەکشەممە**١٤- ٠٣- ٢٠١٠

# ئەمریکا ڕێ لەڕاگەیاندنی ئاکامی هەڵبژاردنی عێراق دەگرێ

مەڵبەندی چاودێری هەڵبژاردن لە ڕاگەیاندراوێکدا ئاشکرای کردووە کە هۆکاری دواخستنی ڕاگەیاندنی ئاکامەکانی هەلبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەگەڕێتەوە بۆ ئاشکرابوونی ئەو پیلانەی کە حەمدیە حوسەینی و ژمارەیەک هاوکاری بۆ ساختەکاری لە ئاکامەکانی هەڵبژارن دایانڕشتبوو.

بەگوێرەی مەڵبەندی چاودریری هەڵبژاردن خاتوو حەمدیە ئەلحوسێنی و ژمارەیەک هاوکاری دیکەی بەنیازبوونە کە بە قازانجی لیستی دەوڵەتی یاسا ئاکامی هەڵبژاردنەکان رابگەیەنن، بەڵام دوای ئەوەی کە هێزەکانی ئەمریکا و نوێنەری ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەو پیلانە ئاگادار کراونەتەوە، خۆیان گەیاندۆتە شوێنەکەی داوای دواخستنی ڕاگەیاندنیان کردووەو خۆشیان بڕیاریان داوە کە لێکۆڵینەوە بکەن.

مەڵبەندی چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکان لەو بارەیەوە یەکێتی ئەوروپاو لایەنە پەیوەندەدارەکانی ئاگادار کردۆتەوەو زانیاری پێداون و لێیخواستوون کە ڕێگری لەو ساختەکاریە بگرن کە هەندێ لیستی دۆڕاو دەیانەوێ ئاکامەکەی بە قازانجی خۆیان هەڵبگێڕنەوە.

# سەرۆک تاڵەبانی پۆستی سەرکۆماری مسۆگەر دەکاتەوە

سەرچاوەیەکی عێراقی ئاشکرای کردوە کە ڕێزدار جەلال تاڵەبانی ئەگەر خۆیشی ئارەزووی وەرگرتنەوەی پۆستی سەرکۆماری نەبێ، هێشتا هەر یەکەمین و بەهێزترین پاڵێوراوە بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرکۆماری عێراق.

هەر لە پێوەند بە مسۆگەرکردنی پۆستی سەرکۆماری عێراق چاودێریکی ئاگادار لە کوردستان بە هەفتەنامەی ڕۆژی گەلی ڕاگەیاند وێڕای ئەوەی کە هەندێ عەرەب لیدوانی نەشیاو دەدەن، بەڵام جگە لە مام جەلال هیچ کاندیدێکی دیکە شانسی وەرگرتنی پۆستی سەرکۆماری نیە، چونکە سەرۆک تاڵەبانی مێژینەی تێکۆشانی بەرچاوترەو سەنگایێکی گەورەو بەهێزی ناوچەیی و جیهانی هەیە، هەروەها تا ئێستا لە عێراق کەسێکی دیکەی هاوشێوەی ئەو بوونی نیە، سەرکردەی هێزە سیاسیەکانیش دەزانن کە لەم قۆناغەدا عێراق پێویستی بە کەسایەتییێکی ناسراوی جیهانی وەک سەرۆک تاڵەبانی هەیە، بۆیە زۆرینەی لایەنە سیاسیەکان لە پێشوەختدا پشتیوانی خۆیان بۆ کاندیدکردنەوەی ڕێزدار مام جەلال ڕاگەیاندوە. هەرچەندە کە مام جەلال پێویستی بە وەرگرتنەوەی پۆستی سەرکۆماری نیە، بەڵام لەسەر داواو پێشنیاری هەمووان دەبێتەوە سەرکۆماری عێراق، ئەوجارەشیان پۆستی سەرکۆماری وەبەر نەتەوەی کورد دەکەوێ.

# کوردستانی چوارەمی لیستە براوەکان مسۆگەر دەکات

بەگوێرەی زانیاریە بەراییەکان لیستی هاوپەیمانی کوردستانی توانیویەتی زیاتر لە ٤٧ کورسی پەرلەمانی عێراق وەدەست بهێنێ، کەبەم شێوەیەیە، لە کەرکەک ٨کورسی، لە سلێمانی٧ کورسی، لە هەولێر ١١ کورسی، لە دهۆک ٩ کورسی، لە موسڵ ٨ کورسی و لە دیالاش ٣ کورسی. لەوانەیە ٢٠ وەبەر یەکێتی و ٢٧ وەبەر پارتی بکەوێ.

هەروەها بەپێی زانیاریە سەرەتاییەکان، لەوانەیە لیستی گۆڕان ١١ کورسی، یەکگرتووی ئیسلامی ٥ کورسی و کۆمەڵیش ٢ کورسی بباتەوە، کە تێکرای دەگاتە ٦٥ کورسی و ڕێژەی ٢٠%ی کورسیەکانی پەرلەمانی عێراق.

هەر بەگوێرەی زانیاریە سەرەتاییەکان لیستی مالکی یەکەم دەردەچێ و زیاتر لە ٩٠ کورسی بەدەستدێنێ. لیستی ئەنجوومەنی باڵا بە پلەی دووەم دەگرێ و نزیکەی ٨٠ کورسی دەبێ، هەروەها لیستی ئەلعیراقیە لە پلەی سێیەمدا جێ دەگرێ و ٧٥ کورسی مسۆگەر دەکات، بەوهۆیەوە لیستی هاوپەیمانی کوردستانی لە پلەی چوارەمدا خۆی دەبینێتەوە. بەوهۆیەشەوە لەوانەیە لیستەکەی مالکی و ئەنجوومەنی باڵاو هاوپەیمانی کوردستانی کابینەی حکومەت پێکبهێنن و لیستەکەی ئەیاد عەلاویش وەک ئۆپۆزیسیۆن بمێنێتەوە.

# ئەلقاعدە هەوڵی کوشتنی نیگارکێشێکی سویدی دەدات

بەهۆی ئەوەی ساڵی ٢٠٠٧ نیگارکێشێکی سویدی لە وێنەیەکدا سوکایەتی بە پێغەمبەری ئیسلام کردبوو، باڵی عێراقی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە بڕی ١٠٠ هەزار دۆلاری وەک دیاری بۆ هەرکەسێک دیاری کردبوو کە بتوانێ ئەو نیگارکێشە بکوژێ! لە ڕۆژانی ڕابردوودا هەواڵەکان بڵاویان کردەوە کە پۆلیسی ئیرلەندا حەوت کەسی دەستگیرکردوەو تۆمەتی ئەوەیان دراوەتەپاڵ کە بەنیازبوونە 'لاش فیلکس'ی نیگارکێشی سویدی بکوژن.

بەگوێرەی سەرچاوەکان پۆلیسی هەولگری سوید لە دەستگیرکردنی ئەو کەسانە ئاگادار کراوەتەوە، بەڵام نەیانویستوە مێدیاکانی وڵاتەکەیان لێ ئاگادار بکەنەوە، بەبیانۆی ئەوەی کە هێشتا کاری لەسەر دەکرێ!

جێی ئاماژەیە کە هەر لەو پێوەندەدا پێشتر پۆلیسی ئەمریکا ژنێکی موسڵمانیان بە ناوی {جەین جیهاد} بەتۆمەتی ئەوەی کە هەوڵی کوشتنی لاش فیکیسی داوە، دەستگیرکردبوو، دادگەی ئەو وڵاتەش سزای زیندانی کردنی بەسەردا سەپاندبوو.

# پارلەمانی سوید ئەرمەن قڕان بە ژینۆساید دەناسێنێ

پارلەمانی سوید لە ڕۆژی ١١-٣-٢٠١٠ لە هەنگاوێکی چاوەڕوان نەکراودا بەزۆرینەی دەنگ ئەو کوشتوبڕەی کە عوسمانلیەکان لەسەرەتای سەدەی ڕابردوودا دژ بە نەتەوەی ئەرمەن ئەنجامیان دابوو بە تاوانی ژینۆساید ناساند. هەر لەدوای بڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵە حکومەتی تورکیا نیگەرانی خۆی دەربڕی، هەروەها ئەو سەردانەی سەرۆک وزیرانی وڵاتەکەی بۆ ستۆکهۆڵم، بۆ کاتێکی نادیار دواخست. هاوکات بانگی بالیۆزی خۆی لە سوید بانگهێشت کردەوەو داوای لێکرد دەست بەجێ سوید جێ بهێڵێ.

بەهۆی ئەوەی کە پارلەمانی سوید قڕکردنی ئەرمەنیەکانی بە ژینۆساسید ناساند، پەیوەندی نێوان تورکیا وسوید شڵەژاو بەرەو ئاڵۆزی چوو، نازاندرێ بە چ ئاستێک دەگات. سوید پەیوەندییێکی بەهێزی ئابوری و سیاسی لەگەڵ تورکیادا هەیەو ژمارەیەکی زۆری تورکیش لە سویددا دەژین، بۆیە کارل بیلت، وزیری دەرەوەی سوید نیگەرانی خۆی دەربڕی.

## ڕۆژەڤ

کیمیارانکردنی شاری هەڵەبجە کێشەی کوردستانی بە جیهان ناساند، ئەمساڵ لە کاتێکدا ڕێورەسمی ڕێزگرتن لە شەهیدان و قوربانیانی ئەو کارەساتە بەڕێوەدەچێ کە گەورە تاوانباران سزای خۆیان وەرگرتوە، دادگەی باڵای تاوانی عێڕاقی ژەهربارانکردنی هەڵەبجەی بە ژینۆساید ناساندوە، بەڵام هێشتا دەرفەتی باشتر لەبەردەم کوردستانیاندا هەیە تا چالاکانە کا بکەن و ناوەندەکانی ڕای گشتی جیهان بوروژێنن و داوا لە پارلەمانی وڵاتان بکەن تا کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە بە ژینۆساید بناسن. هەروەها دەرفەتی ئەوە هەیە تا ڕۆژی ١٦ی ئازار، ڕۆژی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە بکرێ بە ڕۆژی قەدەغەکردنی چەکی کیمیایی، ئەگەر ئەو داخوازیەش بە ئاکام بگات، دۆزی کوردستان بەرەو ئاقارێکی دیکە دەڕوات، بۆیە ئەرکی هەموو کوردستانیان و ڕێکخراوەکانیەتی کە لێبڕاوانە لەو پێناوەدا تێبکۆشن.

کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە و شاڵاوی ئەنفالکردنی کوردان بە مەبەستی قڕکردنی نەتەوەیەک کە داوای ماف و ئازادیەکانی دەکات، ئەنجام دراون، بەڵام مخابن هێزە سیاسیەکانی کوردستان و ڕێکخراوەکانی دیکە نەیانتوانیوە وەکو پێویست ڕەفتار لەگەڵ گەورەیی ئەو کارەساتانەدا بکەن و بەوهۆیەوە دۆست و هاوسۆزی زیاتر پەیدا بکەن. بێگومان ئەگەر هەڵمەتێکی بەرفراوانتر بەڕێوەبچێ، لە داهاتوودا کارەساتی ئەنفالکردن و کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە وەک تاوانی ژینۆسایدی ئەرمەنەکان لە سەر ئاستی جیهانیدا بە ژینۆساید دەناسێندرێ و بەقازانجی دۆزی کورد تەواو دەبێ.

## عەرەبستانی سعودی ئاوات بە گەڕانەوەی عوسمانیەکان دەخوازێ



بۆ لاپەڕە ٣

## کورد لە کاتی هەڵبژاردنیشدا سووکایەتی پێ دەکرێت



بۆلاپەڕە ٥

## ئێمە و هەشتی مارسی ئەمساڵ



بۆلاپەڕە ٦